ئەفیونی ڕۆشنفکران! … کاوەی کەریم

بەشێك لە ڕۆشنفکران کە خۆیان بەفەیلەسووفی تازەگەری لە کوردستان لە قەڵەم دەدن لێرەو لەوێ و ماوە ماوە دەکەونە گازندە هەڵشتن و شیکاری بێ ڕوودواوەکان وگۆڕانکاریەکان و بەرکەوتە سیاسی و کومەلایەتیەکانی ناو کوردستان دەکەن . ئەمانە دەستەیەکن کەخۆیان لەسەرووی تەواوی خەلك و هەتا توێژی سیاسی ناو خەلك دەبینینەوە، وەکاتێك دەنووسن یان قسە دەکەن دەیانەوێت هەوتی سیاسی و کومەلایەتی کۆمەڵگا بە خەتی ئەواندا بڕوات ، وە وەکو مورشیدی دەنگی گۆڕانکاری لە کوردستان خۆیان پێناسە دەکەن .

ئەم کۆمەڵە کە فەلسەفەی نیولیبرالیزم بە پەیامی خۆیان دەزانن ، لە ڕاستیدا نە لە ڕیزی ئەو فەیلەسوفانەن کە تفسیری کۆمەڵگا دەکەن ، وە نە لە ڕیزی ئەو فەیلەسوفانەشن کە دەیانەوی کۆمەڵگا بگۆڕن. ئەمانە دەستەیەکن لە ئۆپۆرتۆنیستە ناسیونال رفیفۆرمستەکان کە ئەرکیان نزیکردنەوەیە لە نێوان بالادەستەکان و قوربانیانی بالادەستەکاندا . ئەمانە لەلایەکەوە هەخنە لەدەسلات و سیستەمەکەیان دەگرن و لەهەمان کاتدا پێداویستی مەرجەکانی دابین دەکەن بۆ مانەوەی. ئەمانە کاتێك هەخنە دەگرن و شیکردنەوەدەکەن لە درگاکەوە دەچنە دەوەوە و لە پەنجەرەی پشتەوە خۆیانی پێدا دەکەنەوە.

ئەم هەوتە بەناو ڕۆشنفکریە نیگەرانی ژیانی خەلکی کوردستان نین چۆن دەژین ، ئەمانە کێشەیان نییە لە هەژاربوون و بێکاری خەڵك ، یان زیاتربوونی پاروە نانێك بۆ سفەری بەتاڵیان ، ئەمانە چاویان داخستوە لەبەرانبەر برسی بوونی زۆرینەی خەڵك و بە ملیۆنەر بوونی بەشێکی تر. لەڕاستیدا ئەمانە گلەیان لە دەسلاتداران هەیە ، یان نیگەرانن لەوەی بۆ کاری پەرلەمانی لە کوردستان وای لێهات! بۆ پەرلەمان نەبووە شوێنی گۆڕینی دەسلات ؟ بۆ پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی لاسایی سیستەمی پەرلەمانی لیبرالی و ڕۆژئاوایی بکاتەوە؟ ئەمە و سەدان هیوایی ئەم هەوتە کە بە سیستەمیی پەرلەمانیەوە گرێیان دابوو.

ئەم دەستەیە و هەموو ئەو بزووتنەوانەی لەم ڕاستە دا کاریان دەکرد بۆ ئەوەی دەنگی گشتی خەلك بڵای خۆیان ڕابکێشن و خەلك بەرنە

بەردەم سندوقی دەنگدان. ئەمانە و هەندێك لە هەوتە سیاسیەكان لە سەردەمێكدا و توانیان تارادەیەك ئامانجی خۆیان بپێكن، وە توانرا خەڵك بەرەنە بەردەم سندوقی دەگدان، لەمەشەوە وە تا ئادەیەك توانیان دنگی ناەزایەتی شەقام كەمێ كپ بكەن ، ئە و دەنگەی كە هاتبوونە مەیدان بێ كۆتایی هێنان بە دەسلاتی ملیشیایی و مافیایی ناسیونالستی كوردی. بەلام پاش دواین هەبژاردن كە زۆرینەی خەلكی بایكۆتیان كرد ، ئەمانە نیگەران بوون و خەم دایگرتن ، بەلام هەر لەسەر فەلسفەی سیاسی خۆیان مانەوەو بەردەوام بوون لەسەر بیروبۆچونەكانیان .

بە بۆای من ئەم بیروبۆچونانە و فەلسفەی ئەم هەوتە رۆشنفكریە مادەیەكی بەهێشكەرە كە دەدرێت بە خەلكی كوردستان تاكو بێ دەنگیان بكات و ئازی ببن بە دەسلاتی كوردایەتی هەردوو حزبی دەسلاتداران و ئەوانەی بەشداری دەسلات و پرۆسەكایان دەكەن . ئەمانە بە بێ پێشگرو پاشگر ئەركی گۆڕو وۆكردنی جەماوەرن و بلاوكرنەوەی وەهمێكی گەورەن، بەواتایەكی تر ئەفیون دەكەنە قورگی كەمەگاوە. بەلام بۆچی وایە ؟ بۆچی ئەفیونە ؟
سەرەتا دەمەویت بڵێم لە زوربەی زۆری وولاتانی دنیادا پەرلەمان جێگایەك نەبووە بێ گرانی ریشەیی ، لە زوربەی زۆری وڵاتانی پەرلەمانیدا ، پەرلەمان بێ پاراستنی سیستەمی سیاسی و ئابوریەكی تایبەتە ، خەریكی رێكخستنی هاوڵاتیانی لە چوارچێوەی سیستەمێكی سیاسی و ئابوری دیاریكراودا، وە تەنها فورمولاسیۆن و داواكاریەكی سیاسیە لە چوراچێوەی سیستەمێكی دیاریكراو بێ بەشداریكردنی تۆژە كەمەلایەتیەكان لە پرۆسەی مافگەرایی پێكهاتنی دەوڵەت و دەسلات سیاسی .

ئەمە چوارچێوەیەك نییە بێ بەشداریكردنی جەماوەری خەڵك لە كاروباری دەوڵەت و دەسلاتی سیاسی ، بەڵكو پاكانە و ڕوپۆشكە بێ پیادەكردنی دەسلاتی چینێك یان كەمایەتیەك بەسەر كەمەگادا. ئەمە شێوازێكە بێ هەواپێبەخشینی بە دەسلاتداریەتی چینێك. ئەمە میكانیزمێكی ناڕاستەوخۆی بەشداریكردنی جەماوەرە، بەلام نەك خودی خەڵك بەڵكو كەسانێك كە نوێنەرایەتی ئەوان بن ، وە ئەمان پابەند نین بە ویست و ئارەزووی ئەوانەی هەڵیانبژاردون ، واتە خەڵك نەك بە نوێنەرایەتی و قسەكەری خۆیان بەڵكو وەكو جێنشینی خۆیان لەمەسەلەی دەسەلاتداریدا هەڵیاندەبژێرن. بەم مانایە پرۆسەی مەشروعیەت پەیداكردن دەسلات نەك دەخالەتی خەڵك. ئەمە بە پێناسەیەكی گشتی سیستەمی پەرلەمانی . بەلام پرسیارەكە ئەوەیە ئایا

تەنانەت لەم نمونەیە واتە نمونەی شۆوەی پەرلەمانێکی کەلەوولاتانی ئەوروپا بوونی هەیە یان نەخێر شکلێکی پەرلەمان و سستیتەمی پەرلەمانی کە لەولاتانی بەناو جیهانی سێیەم بوونی هەیە قابیلی ئەوەیە لە کوردستاندا دروست بکرێت و ببێتە جێگای دەستگایەکی یاسایی و جێگای دەستاودەستکردنی دەسلات ؟ لەمەشەوە پەیامی ڕۆشنفکرانی ناڕازی وناسیونال ریفرمستەکان بەئامانج بگەیەنێ .

لە کوردستان، نەك ناکرێت پرسەی پەرلەمان و هەڵبژاردن و سندوقی دەنگدان بکرێتە بەدیلیك بۆ گۆرانکاری ڕیشەیی تەنانەت ناشتوانی لەم ڕۆگایەوە سیستەمێك دابمەزرێنی کە یاسا سەروەر بێت و هەڵبژاردن ئازاد بێت ، پەرلەمانێ دروست بکەیت کە خەلکی کوردستان لەژێر سیستەمێکی ئەوروپای یان تەنانەت هاوشێوەی سیستەمی ولاتانی تری جیهانی سێیەمی ڕزگ بخات ؟
کوردستان ولاتێکی سەربخێ نییە ، وە لەو کرداریشدا سەر بەعێراق نییە تەنیا بەناو نەبێت. بەلکو جوگرافیایەکی دیاریکراوە کە دەسلات و پاراستنی دراوەتە دەست دوو حزبی ملیشیایی بنەماڵەیی. ئەو چوارچێوە جوگرافیایە زیاتر خێی لەبازارێکی فەوزا دەبێنێتەوە کە قاچاخچیانی بازار و سیاسیەکان لەژێر چەند ناوێکدا کاری خۆیان تێدا دەکەن وسەرمایە هەڵدەچنن ، وە هەزێکی بەهێزی ملیشیایی لە ژێر چەند ناوێکدا دروست کردوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان و قووتی خەڵکیان خستێتە ژێر چنگی خۆیان ، لەو نێوەشدا خەلك هەوڵدەدات کە نانی پەیدا بکات بۆ مانەوەی ژیانی خێی .

ئەم قاچاخچیانە خۆیان لەژێر هەندێ ناو وەکو پەرلەمان و هەڵبژاردن و حکومەتدا حەشار داوە بۆئەوەی هەمیشە لە دەسلاتەکەیان دووربخەنەوە. نزیکەی سێ دەیەیە ئەم دەسەلاتدارانە جورەها لە سیناریوی حوکم و دەسلات وئۆپۆزسیۆن و هەڵبژاردنیان نیشان داوە ، لەژێر ناوی پرسەی پەرلەمانیدا شەرعیەت دەدەن بەدەسلاتی بنەماڵەی و نەوەکانەکانیان لەیزدادەنین بۆ مانەوەیەیان لە سەرکورسی دەسلات و هەتا نەیارەکانیشیان بە پشکەش کردنی چەند پستێك دخنە ناو ئەو پرسە قیزەونەی خۆیانەوە، لە کۆتایشدا هەر دەسلاتی خۆیان درێژە پێدەدەن و و خەلك و چارەنووسی ئەم جوگرافیایەو بەنادیار و سەرگردانی دەهێنەوە.

ئاستە ئەگەر کوردستان دەوڵەت بوایە و لە چوارچەوەی جوگرافیایەکی بەرەسمی ناسراودا بوایە، ئەوا دەکرا و یان دەتوانرا شکڵێك لە دەوڵەتی مەدەنی یان حکومی یاسا و هەندێ ریفورم بە ئەنجام بگەیەنرێ ، چونکە جوگرافیای ڕەسمی ناسراو خێی لە خۆیدا وەلام

دەرەوەیە بە هەندێ کێشەی سەرەکی. بەلام لە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆدا و بوونی دەسەلاتی ملیشیایدا لەناو جوگرافیایەکی دیاریکراو کە قۆرخکردنی سەرچاوەی داهات و ئابووری لەلایەن حزبی بنەماڵەو ملیشیاوە ئومێد بە هیچ گۆڕانکاریەك نییە. تەنیا ڕێگاچارەیەك کەلەبەردەم خەڵك دا مابێ ئەویش هاتنەمایدانیان بێ وەستانەوە بەرانبەر ئەم دەسلاتە ، ئەمەش بە ڕکخستنی ناڕەزایەتی سەرتاسەری خەڵك ئەنجام دەدرێ کە بتوانێ ئەو هەزانە لە دەسلات دووربخاتەوە وملیشیاکانیان چەك بکات و و دەست بگرێ بەسەر سەروت و سامانیان ، و دەسلاتی خەڵك دابمەزرێنێ. ئەمەش تاکە ڕێگایەێ کە بتوانێ ئایندەی کوردستان بەرەو خاڵێکی وەرچەرخان ببات و ژیانێکی ئاسودەیان بێ دەستبەردار بکات. ئەمە تەنها ڕێگا چارەیە نەك ئەو ئەفیونەی بەشێك لە ڕۆشنفکران دەرخواردی خەڵکی دەدەن و هەندێك لە بزووتنەوە سیاسیەکانیش بەشێونیەوەن.

کاوە کەریم



ئاپۆکالیپس لە "سەرما و بەرد"ی دلاوەر قەرەداغیدا ... نووسینی: بەکر ئەحمەد

لە فیستیڤاڵی فیلمی ٢٠١٨ ی یەتەبەریدا، چەترێک وەک ناونیشان کەمێک تەوەری ناوەرکی فیلمەکانی کەدکردوە: (ئاپۆکالیپس و فیلم). بابەتەکانی وەک پلاماری زەمبی، بابووناوەی پاندەمی، گرانەوەی وەحشە گورگان، کاتێک مکینەکان دەسڵات بەدەستەوەدەگرن، دەسڵاتە دیستۆپیەکان، کارساتە سروشتیەکان،

سروشت پەلامار دەداتەوە، پەلامار لە فەزاوە و جەنگە ئەتەمیەکان، دەکرێ وەک کەمکردنەوەیەکی ناونیشان ئاماژە پێبدرێت بە ئەو بەرهەمانەی کە لە ڤیستیڤاڵدا نمایشکران. هەموو ناونیشانەکانی سەرەوەیش بە جۆرێک گەڕانەوەی ئەوەیە کە کەمکردنەوەی کاتایی خەی دەبەتەوە و کەمایەتیەک مەژووی دووبارە ژیانەوە و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەیەکی تر نمایشدەکات.

چەمکی (ئاپۆکالیپس) لە سادەترین دەربڕینەکانی ماناکەیدا : بە کاتایی دنیا دەکرێ سەرنجی بدرێت. وشەکە لە بناغەدا یۆنانییە و زانستی ئەستاکلۆجیا کە بەشێکە لە زانستەکانی لاهوت و فەلسەفە سەروکاری لەگەڵ ئەو بەشە لە حەکایەتی "کاتاییەکان"دایە.

چیرۆکی نوح و دروستکردنی کەشتییەک بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی بەشەریەت و تۆفانی گەورە بە یەکێک لە حەکایەتە ئاپۆکالیپسیەکانی ناو ئایین لەقەڵەم دەدرێت. هەمووان دەمرن و کەمایەتیەکی کەم دەربازدەبێت و سەرلەنوێ دەستپێدەکردنەوەیەکی دیکە بەرەوەیە.

یەکێ لەوانەی فیلمەکانی ئاپۆکالیپس لەم دواییانەدا کاری لەسەر دەکات، بە فیلماتیزەکردنی ئەو چیرۆکانەیە کە سەر بە ئەدەبیاتی دیستۆپیایە. لقێک لە بواری نووسین کە نووسەر بە تەخنەگرتن لە کەمەلگای ئەمڕۆ ، وێنەیەکی ئایندەییانە بە کەمەلگایەک دەکەشی کە دەسەلاتی سیاسی تیایدا تەقێنراوە.
دیستۆپیا تەک پێچەوانەی یۆتۆپیایە و ڕەمانە بەناوبانگەکەی (مارگرێت ئاتوود) " حەکایەتی کارەکەر" و "1984'ی "جۆرج ئۆروەل" دەچێتە خانەی ئەم بوارەوە.
ئۆگەرچی (سەرما وبەردی) دلاوەر قەرەداغی دووبارەکەشانەوەی وێنەی ئابردوویەکە لە ئیستاوە سەرنجی دەدرێتە، بەڵام گۆڕانەوەی هەمان ناوەڕۆکەکە کە حەکایەتە دیسپۆتیەکان باسیدەکەن. سەرنجاکێش ئەوەیە کە ئەدەبی دیستۆپیا لە زمانی عەرەبیدا بە (ادب المدینە الفاسدە) وەرگێڕدراوە.

بەیەش ئەو وێنەکێشانە ڕۆژانەیەی لە مەمەلەکەتی سەرما و بەرد دا دلاوەر دەستی بە دەبات، هێندەی وەسفکردنی شارێکی فاسدە، ڕەنگە ناونیشانێکی دیکە دروست نەبێت بە ئەم جیهانە.

ئەم پێشکێشە کورتە سەبارەت بە ئاپۆکالیپس و دیستۆپیا، بەمن گرنگە و لە شوێنکی دیکەی ئەم نووسینەدا دەگەڕمەوە سەری.

ئەگەر گرتنەدەستی دەسەلاتی سیاسیی لەلایەن کەماری ئیسلامی ئێرانەوە ئیلهامی (مارگەریتا ئەتوود)ی ئەمریکییەیە بە نووسینی "حکایەتی کارەکەر"، ئەوا نووسەرکانی سەدەی ئابردوو و دەسەلاتی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا، ئیلهامبەخشی دلاوەرە بە نووسینی (سەرما و بەرد). بەڵام بە جیاوازییەک کە (مارگەریتا ئەتوود) لە ئیستاوە وێنەی کەمەلگایەکی ئایندەیانەی ئەمریکا دەکەشێت کە کارەساتکی سروشتی رووبداوە و دەسەلات کەوتوەتە دەست ئاستی مەسیحی. بەڵام لای دلاوەر قەرەداغی، (سەرما و بەرد)، دووبارەگێرانەوەی مێژووی دابەزینی جەنگاوەرکانی شاخە بە شار لە شیعردا.

کاتێک جەنگاوەرکان لەشاخکان
هاتنە خوارەوە و شەش کەتایی هات.
من شەوکیان جلی پەشمەرگایەتیم لەبەر کرد و
دامە شاخ.

ئەم چەند دێڕەی سەرەوە، دەستپێکی یەکەمین دیرەکانی قەسیدەی (سەرماو وبەرد)ی دلاوەرە. خوێنەر لەم دێربەندە کورتەدا لە بەرانبەر بەهێزترین بەشەکانی ئەم قەسیدەیەدایە. ئاخر کەتایی شەش و هاتنەخوارەوی جەنگاوەرکان، دەکرێ بە دەستپێکی ئەو یەتەپیایە دەستپێبکات کە حکایەتی شەش لە چەند دێڕی رابردووەدا کاری لەسەر کردووە و بە گوێی کەمەلگادا دراوە. بەڵام ڕەک لەو سەرەتایەدا کە خوێن و ئاوات و درەختاوەیی ئایندەیەک کە خەریکە خەی پیشانی هەموان دەدا، شاعیری (سەرما وبەرد)، پشت لە شار و یەتەپیا و ووە لە شاخ هەڵدێ.

"گابرێل گارسیا مارکیز" لە (سەجەلەی مردنێکی ئاگەیاندراو)دا و لە یەکەمین دێرەکانی ڕەمانەوە دەنووسێ:"ئەو ڕۆژەی ئەوان دەیانویست سانتیاگۆ ناسر بکوژن، ئەو پینج و نیوی بەیانی لە خەو هەستا تا خەی بگەنێتە لای ئەو کەشتییەی کە قەشەی پێ هاتبوو." ئەنگێ ئەم جوانترین دەستپێکردنی ڕەمان بێت کە بە کوشتنی پالەوانی سەرەکی دەست پێدەکات.
دلاوەریش لە قەسیدەی سەرما و بەردا، لە ڕۆژی سەرکەوتنی شەرشدا، لە شەرش هەڵدێت. ئیتر خوێنەر دەبێ بە شوێن ناوەرکی ئەم شەرشەوە، لە دیرەکانی دیکەدا بە کار و کردەوەکانی شەش بگەرێ.

بەوەی جەنگاوەرکان بەشاخەوە بوون و کارییان لە شەشدابوونکی بەردەوامدا بووە، لە هاتنەخوارەوەیاندا، کەتایی بە شەشییان دەهێنن و لەگەڵ زماوەندی ئەم هاتنەخوارەوەیاندا، جۆزنی

سەرکەوتنی شۆش دەگیەن.

بەەام ئەم جۆرنگەرانەی شەش لە شارکاندا کە بە کەتایی شەش تەواودەبەت، بە دەستپەکی جۆرنگەانکی دیکەی شاخکان دەستپەدەکات کە لە کاتی بووونی شەشگەرکاندا لە شاخ، دەرفەتی ئەم سەما بەدەنگیەی ناو شاخکانی نەدەرەخساند. ئاخر

ئەو ەەژانە بەفرکی سپیتر ئەباری
بارانکی نەرمتر بەسەر گووندەکاندا دای ئەکرد
.....
ئەو ەەژانە هەموو شت لە شاخکان
کپ و ئارام
وەک ئەوە وابوو
دونیا دوای شەوانکی درەژ پشەویەو خەوزەان
قوە قوە خەوی لە بکەوە

بەەام ئەم ئارامیەە ئەفسوونەاویەەی شاخکان لەدوای جەهشتنی جەنگاوەرکان و چوونەخوارەوەیان بە شارکان، هاوکاتە بە پەبووونی شارکان لە دەنگەدەنگ و قەەباغی.

بەەام کاتک دەنگی منی ناو شیعر کە لەگەە هاوەەکیدا بە جادەیکی تەە و تاریکدا پیاسەیان دەکرد، بە دەنگکی نزم کە بە تەنها هاوەەکەی گوەی لە بە

ئەبینیت.. من لە دوورەوە تارمایی سەرما و زوقمک
ئەبینم
کەوا خەریکە بەرەو ەوومان هەە ئەکا!

شاعیر لەناو کەەنەقاەی شایی و زەماوەندی ناو شارکاندا، هەوری سەرما و زوقمکی سارد دەبینە کە بەەوەیە.

لەرەوەیە کە دەنگی گەرەوەی ناو شیعر، ئەو سەری کارەسات دەبینەت و پەی وایە شار ەووبەەووی تاعونکی سەخت دەبەتەوە.

بەەام ەەک لەو شەوانەدا کە شاعیر بەای تاعوونی سەرما و بەرد دەبینە

شەوکیان دەستک جلی پەشمەرگایەتیم
لە یەکەکیان
کە چیدی پەویستی پەنەمابوو

وەرگرت و
دامە شاخ.
نەک بە ئەوەی دژی هیچ بجەنگم
بەڵکو بۆئەوەی لەگەڵ خەمدا ئاشت ببمەوە.

کاتێك شاعیردەداتە شاخ، ئەو بە ئەلفبێی زوبانێک کە خەریک بوو لەو زەمانی پێشمەرگایەتییەی دوای شۆڕشدا فەری دەبوو، دەکەوتە یاداشتکردنی ئەو شتانەی کە دەیبینێ و دەیبیستێ. ئیتر خوێنەر کەشدەکرێتە ناو تەماری ئەو هەوداوانەی کە لە دوای کۆتایی شۆڕشدا ، شاعیر لە وێنەکێشانیدا نیشانماندەدات.

ئالەڕوویە تەواوی ئەو لقە جەراوجەرانەی کە ئاپۆکالیپس دەکرێ لەخۆیدا کۆیبکاتەوە لەبواری ئەدەب و فیلماتیزەکردنی ئەو لە سینەمادا، دەنێ ناو سەرماو بەردی دلاوەر قەڵەداغییەوە.

جەنگەکان دەنێ ناو زمان و ماڵی ئینسانەکانەوە. لە جیاتی گەدزیلا، وەحشی گەورە گەورە لە هەموو شکڵەکانی خەیاندا پەیدادەبن، لە شیوازی خانووی گەورە گەورەدا، لە شێوازی زەلامی گەورەدا. ئینسانەکان وەک ئەوەی بەر پەلاماری زەمبیێکان کەوتبن:

هەر شت بوو لەمان ئەکەوت
هەر شت بوو لە شوێنان بیرمان دەچوو
هەرشت بوو لەملاو لا لەمان جێ ئەما

وەک ئەوەی لە دوای کارەساتێکی سروشتییەوە رودەدات، ئینسانەکان لە کونج و کەلەبەری شارەکیانەوە سەردەردێنن، هەتاو تێ تێ دەیدایە کزی، کەلان عەموود عەموود دەیدایە کزی، شەوان تاریک و بە ئەستێرە.

ریتمی ژیان وەک ئەوەی لە فیلمی خەیاڵی زانستییەکاندا لە لایەن ڕەبەتەکەوە قورمیشکرابێ و لە ژیانی (مومو و خەبات لە پێناوی کات) ی "میشێل ئێندێ"دا بەرجەستەدەکرێتەوە، بە خەراییەکی لەرادەبەر تەدەپڕێ. ئیتر ژنەکانی ئەم مەملەکەتە لە ناو قەسابخانەکانی سەربەیندا لە هەموو شوێنەکدا سەردەبڕان. لە دوو تەکی پالیسیدا، هەموو ئینسانەکان دەکرێن بە پالیس و لەسەر درێژکانی بوون بە پالیسدا، لە شار و دەوڵ، حەشاماتەکی زەر ادەگیرێن.

کارەساتێ سروشتییەکان نەک هەر تەر و وشک دەسووتێنێ، بەڵکو وەک دارەکانی فیلمی "حەکایەتی ئەقەکە"ی "جێی ئار ئار تەکین"

زمانیان دەڕژە و دەقیژینن و دەترسن بکەونەوە بەردەستی باخەوانە دڕەقەکان. ئیتر هەڵهاتنی خەڵک دەستپێدەکات وبە کەڕوی نیوان شار و شاخەکانەوە دەبینرێت. سەرما هەڵدەکات و سروشت بە هەموو رەقێکی خۆیەوە پێلامارددات و ئەم مەملەکەتەی سەرما و بەرد لە گرتنێکی دڕەقانەدا یەخسیردەکات. ئەگەر کانیبالیزم و ونبوونی هەموو پەوەرە ئینسانییەکان لە ئاپەکالیپسییەکانی ئەدەب و ئایین دا هەمیشە ئامادەیی خۆی هەیە، ئەوا لە سەرما و بەردا بە تەواوی هەزی خۆیەوە، نمایشدەکرێت. لەم حەکایەتانەدا ئینسان دەگەنرێتە ئاستانەی فەنابوون (یوم الاخر)، بەڵام کەسانێکیش هەن دەبە بجەنگن و مانایەک لەم کاوسەدا بدەزنەوە و حورمەتی ئینسانی خۆیان لەدەستنەدەن. ئالەڕوویە شەش وەک یاخی بوونێکی لە سەرتاوە تاکگەرایانە و دواتریش دەستە جەمعی دێتە ناو مەشکی ئەو ئینسانانەی کە دووچاری ئەم عەزابە گەورەیە ناو حەکایەتە ئاپەکالیپسییەکان دەبنەوە.

لە سەما و بەردا، ئەوە گەڕەوەی چیرۆکی گێشتن و دابەزینی شەشگەڕکانە بە شار کە دەداتە شاخ و لەم کەش وهەوا زەهراوی بووی شارکاندا ، ئینسانییەتی خۆی دەپارێزە و جار ناجار، لە ڕێگای نامەی هەندێک لە هاورێکانییەوە بەشێک لە جومگەکانی ژیانی دەموچاودارانەی ژێر دەسەلاتی (سەرما و بەرد)مان پیشاندەدات.

دلاوەر قەرەداغی لە سەرما و بەرددا، لە باسکردنی دوایین بەیانییەکانی کۆتری برا گچکەماندا، دەربرینێکی جوان و سادە بە ناونیشانای ئەم پەرتەرتە هەڵدەبژێرە. ئەو بە "دەکەمەنتاریەکی شیعری ڕەش و سپی" ناوی دەبات و منیش زۆر سادە و سووپاسگوزارانە لە دەلاوەری قەرزدەکەم.

بە من، هەموو قەسیدەی (سەرما و بەرد) دەکەمەنتاریەکی ڕەش و سپی ناشیرینترین زەمەنکانی مێژوویەکە کە تا ئیستاش زوقمی ئەم بەستەڵەکە و دڕەقی ژیانی ناو ئەم مەملەکەتە درێژەی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەویشی کە دلاوەر وەستایانە هەموو ڕەگەزەکانی ناو ئاپەکالیپسێکی سیاسی کە لە یەکەمین وشەکانی دەستپێکی قەسیدەکەوە ئاماژە بە دەرکەوتنەکانی دەکات و بە دەربەینی: کاتێک شەش کاتایی هات و ئەو شەوکیان جلی پەشمەرگایەتی لەبەردەکات و دەداتە شاخ. لە کاتێکی وادا کە یەتەپیا دوای سەرکەوتنی شەرش ، جەماوەرێکی گەورە مەستدەکات ، ئەو نێک هەر پەشبینی هەڵهاتنی خەڵکی دەسەاتێکی دیستەپی دەکات ، بەڵکو لە وەناکردنی بەشێکی گەورەی جومگەکانی ژیانی ناو ئەم دەسەلاتدا ، وەنێ دەگرێت و لە بەئەرشیفکردنی ئەم

مژووەدا لە بواری شیعردا، قەسیدەیەکی جوان دەخوەقێنێ.

بەڵام هیشتاش هەستدەکەم دەندەیی زەمەنەکە و کارەساتەکانی ناوی خاوەنی دەنگ و دەموچاوەکی دیاریکراوی خەیان نین تا خوێنەر بتەقێنێت و هەست بە ساردی و گەرمی بەحورمەتییەکانی ئەو زەمەنە بکرێت کە (سەرما و بەرد) دەیەوێ بیگەیەنێتەوە.

قەسیدەی سەرما وبەرد، لە نیشاندانی فیلمێکی دەکەمەنتاری ڕەش و سپی دەچێت لە سەر مژووی زەمەنێکی پڕ لە دەندەیی، بەڵام بە بوونی هیچ مۆسیقایەک لە باکگراوندی دیمەنەکاندا. ونبوونی دەنگ بە مانای تایبەتی وشەکە، وەک ئەو فیلمانەی لەسەر مەکینەی سینەما کەنەکان پیشاندەدرێت کە تاکە دەنگێک دەبیسترێت، چکەچکی بەکرەی فیلمەکەردنەوەکەیە. وەک نیشاندانی فیلمەکانی ئاوشویتس بە کامێرای ڕەش و سپی کە تیایدا دەموچاوەکان بە کەمەڵە دەسووتێنرێن و ئاه و نزوولەیەکیان لێدەرنایەت.

(ستیڤن سپێلبێرگ) لە فیلمی "لیستی شیندلەر"دا، بە ئەوەی لەم بەدەنگیی و بەدەموچاوییەی چەکەردنی گەڵەکی جووەکانی یەکەک لە گیتەکانی کراکۆڤدا لە پەلەنیا رزگارمان کات و زیندووبونەوەی بەکارهاتووی زەمەنەکە بخاتە دەی تەماشاچییانی فیلمەکەوە، لە کاتێکدا کە فیلمەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە ڕەش و سپی گیراوە، دیمەنی منداڵێک کە پاڵتۆیەکی سووری لەبەردایە و بە کەسک دەگەڕێ، دەخاتە ناو وێنە ڕەش و سپییەکانی سکێچەکەوە و بینەری فیلم، بیجگە لە منداڵی پاڵتۆسوور، هەموو ئەو جووەڵە بێئەژمارانەی کە لە دیمەندا دەگووزێرێ لە بەرچاویدا وندەبێ و چاوی ئەو جگە لە منداڵی پاڵتۆسوور، ناچێتە سەر هیچ گەشەیەکی دیکەی ناو دیمەنەکە.

دلاوەر قەرەداغی لە سەرما وبەردا، بیجگە لە پەرتەتی کەتری برا گچکەمان و دوو نامەیەک کە دەکرێ دەنگ و ڕەنگ بە زیندوو زەنگ و دەندەیی زەمەنەکە بدات و خوێنەر لە بەرانبەر سەرمای یەکەک لە دەموچاوەکانی ژێر دەسەلاتی کوردیدا ڕابگرێت، دەندەیەکانی زەمەنەکە و تووندوتیژی ڕژگارەکە لە دەرکەوتنیدا لەسەر دەموچاوەکان جێناهێڵێ. بەیەش دەنگ وڕەنگ و زیندووبونەوەی ڕژگاری ئینسانەکانی کەماری سەرما و بەرد، وەک وێنەیەکی ڕەش و سپی دەکەمەنتاری بەدەنگ بەبەرچاوماندا تیدەپەڕێ. هەربەیەش سەرتاپای شیعرەکە لەسەر ریتمەکی ئارام دەچێتە پێشەوە کە خوێنەر لە خوێندنەوەی دەرکانیدا تووشی ماندووبوون و دەڕاوکێیەکی دەروونی نابێت. بەگوومان ئەم دەربڕینە گشتیگرانە نییە و هەندێ شوێنی

قەسیدەکە راتدەگریت و جوولەت لێدەبڕێ.
دیمەنی گەرانیوتنی ماسییەکانی دەریای ئیژە بە منداڵە نووقومبووەکانی کەچی کوردان، یەکێک لەو دیمەنانەیە کە لە پرسیەکی ژێر ئاودا، بە هەناسەدان بە ماوەیەکی درێژ ڕاتدەگرێت.

ماسییەکان قوڕپ قوڕپ لەبەرخەیانەوە
بە دیاریانەوە گریاون و
بە دڵدانەوەیان
شڕێ ئاویان لەگەل کردوون و
هەی لە لە، هەی لەلەیان بە گوتوون.

وەک چۆن لە هەموو حەکایەتە "ئاپۆکالیپس"ەکاندا گروپێک و چەند کەسانێک بەرەنگاربوونەوەیەک نیشاندەدەن، چیرۆکی مەرگی کۆتایی و دووبارە دەستپێکردنەوەیەکی دی سەرهەڵدەدات، بەڵام لە سەرما و بەرددا، ئاماژەیەکی لەم جۆرە بەدی ناکرێت. ئەمە نێک بەداوای ئەلتەرناتیڤکردن لە شاعیر لێکبدرێتەوە، بەڵکو وەک بەشێک و جومگەیەکی سادەی ناو ژیانی ئەم مەملەکەتەی کە دووچاری پەلاماری شەرش و نەفرەتکەی دەبێتەوە و بەستەڵەکێکی دیستۆپییانە هاولاتیانی ئەم مەملەکەتە لە زستانێک و دەرقەیەکی گەورەدا رادەگرێت، هاتنەدەرەی ئینساکان لە تاریکی و دووبارەدەستپێکردنەوەیەکی تر، لە سەرما و بەردا ، لە نادیاریدا هەڵراوەتەوە.

بە جیا لە دەنگێکی یاخی کە دەنگی شاعیر خۆیەتی کە وەک چاوساغێک دەستمان دەگرێت و دەمانباتە ناو ئەم مەلەکەتەوە، خەڵاپسکاندنێکی سروشتی و بەئاگایانە لە بەرانبەر دەسەلاتی مەملەکەتی سەرما و بەردا، لە بەجوولەیەکی تەواونادیارو نەبینراودا، خۆی نمایشدەکات.

"ئیلیزابەس فەنسکاس" لە تەمارکردنی مەژووی قەڕەجەکانی ئەورووپای خۆرهەڵاتدا، لە زمانی یەکێک لە قەڕەجەکانی بوگاریاوە، دەربڕینێک وەردەگرێت و دەبێتە ناونیشانی کتێبە بەناوبانگەکەی. ئەو دەنووسە: کاتێک ماڵەکەم جێهێشت، پیرەی ناو ماڵ دەستی گرتم و پییوتم: تۆیەک کە مەژووی ئەمە دەنووسیتەوە، دەمەوێت ئەم قسەیەم بە تەمار بکەیت. بە پەوە بمنڕێ، ئاخر هەموو تەمەنم لەسەر چۆک بووم!"
ئەم دەربڕینە غەمناکە کە فرمێسکی لە دەڕێ ، هاوکات ئاماژەی ملنەدانە بە ژێردەستەییەکی مەژووییە کە تیایدا قەڕەجی تیا دەخرێتە سەرچۆک، بەڵام لە مەرگیدا دیسانەوە ئازاد بێت وبە پەوە بێت."

لە قەسیدەی(سەرما و بەرد)دا، هەندێ چاولەسەر ناشتنی دار و عەمود

و باخچە و ئینسانەکانی ناو مەملەکەتی شەشگرە دابزیوەکانە لە شاخ و بە شار کە بە لەسەرچەکبووندوە دەخرێنە گەڕ، فرسەتی بینینی ناشتنی ئەو تەرمانەی دی نییە کە ناتوانرێت لە گەڕەکانیاندا رایانکێشن و بە ئاوەستاوی و بە پەوە نەبن، چاویان لێکنانێن.

بەڵام کاتێکیش دەگەینە کاتایی قەسیدەکە، هەستدەکرێت، وەرزی دەستپێکردنی سەرما، لە سەرەتای خەیدایە و دەکرێ ئەم خەیاڵکاندنەی کەمالگا، لە بەرگی کچێکی پاتەسووری دەموچاودیاری شاردا، یان لە سۆفەری لووتکەی بەاوی ناو کەلاندا ، یان شیعاری نووسراوی سەردیواری کارگەی جگەرەدا، بەستەکی ئەم وەرزە دەقە هێندە دی ساردتر نەکات.

کاتایی قەسیدەی سەرما وبەرد، لەو دەچێت، سەرەتایەک بێت لە کاتایدا. بۆیە دەکرێ وەک چۆن سەرەتای یەتەپیای کاتاییهاتنی شەش بە "شەوە"یەکی سیاسی دەستپێدەکات، هەر ئاواش کاتایی قەسیدەکە، سەرەتای یەتەپیایەکی دیکە بێت کە کەمەگای کوردی قەت نەیتوانیوە، ناوەکی بە بدزێتەوە.

نووسینی: بەکر ئەحمەد
06-06-2019

پیاو لە مەملەکەتەکەی ڕۆژدا … شەیدا

ڕۆژ هەەبجەیی وەکو هەمیشە، دوەو گەوهەرەکی ئەوهای لەژێر پەچەدا حەشارداوە کە تەنیا ئەوانە درکی پێدەکەن و دەیبینن کە وەرد ڕە دەچن بە قوڵایی پێچەکانی دارستانە چەکانی کۆشکەکەیدا، لەوە زێر شەشی سپی دەبیننەوەو بەیداخی بە سیمبەل و دەیاڵگ و دیدو گوتنی هەمن سەبارەت ئەو بابەت و شتانەی کەسانی تر نەیانگوتووەو ڕۆژانەش بەرکەوتنیان دەبێت لەگەیاندا، ئەو سەبارەت (پیاو) لە دەقەکی شیعریی تازەیدا ئاوها دەڵێ:

(1)

هەر لەدوورەوە بابتناسم،

حەرفی ئەم دەستنووسە مەشکەنە
نووکی دەم نووسەر لە بیرکا
پیاو
(2)
بالەدووریەوە بانتکەم،
کەشوشەی بانت قەپ کردەوە،
نازیفی ڕەحم بەربوونەوە
پیاو
(3)
خەشویستی دریەکە بەرژەوەندیی،
عیشق کەووی دەکا،
کەتاکی لە پرچمت هەدا
پیاو
(4)
کەبچاوکانا پیادە بوویت،
گەشتیتە جەنگی جەستە،
جەهشتن پیشەتە
پیاو
(5)
بڕچ ئایەتێک ئیمانت ئازبەر کردووە،
ناچیتەوە سەر نوتفەی پاییز؟؟
فیراق هەموو تەمەنتە
پیاو
ڕەژ هەڵبجەیی
17/6/2019



بەم سروتانە؛ هەبجەیی دەیەوێت یاسای دورگەی (ئەتۆس)ی یۆنانیی بشکێنێت، ئەو دورگەیەی رووبەرەکەی336 کم و هەروەها لە ئیلیادەی هۆمیرۆسدا ناوی هاتووە، کە تەنیا 1200 نۆرینەی تێدا دەژی و هیچ مێینەیەك ڕێی پێنادرێ پێ بخاتە سەر ئەو دورگەیە.

من لەگەڵ ئەو ڕایە سەرپێیانەدا نیم سەبارەت ئەم هۆنراوەیە کە دەڵێن ئەمە هۆرشکە بۆ سەر ڕەگەزی بەرانبەرو پیاو بە تایبەتی، ئایا پیاو کێیە؟ هەندێك لە فیمینیستان دەڵێن لەسەر وەزنی میاوە، بەس ڕۆژ لەم شیعرەدا دەڵێت وانییە، ئێمە پێش ئەوەی بوونەوەرێکی خاوەن توخمی جیاواز بین، ئادەمیزادین کە گەورەترین خاڵی کێکردنەوەی کێمەگای مرۆڤایەتییەو ئەم ئاماژەش ئاوکردنە بە ئاگری کێشەکانی نێوانیاندا، مەگەر ڕۆژ ناپرسێت کوان هاوڕێیانی گیانیی؟ پێش ئەوەی ئێمە بەریەککەوتنی فیزیکییمان هەبێت ئەوا بەرکەوتنی گیانیمان لەگەڵ یەك هەیە، بە دڵنیاییەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر پێ وردەکاریی و ئاڵۆزو پێ لە نەزانراو و نهێنییە، بۆیە شاعیرێکیش لە دڵەوە شیعرێکدا دەڵێت:

(دڵ دەزانێت چی وا لەودیو ئەو دیوارەوە…)

کەواتە وەك چۆن بە دەستلێدان هەست بە جۆری تەنەکان دەکەین، ئاوهاش بە هەستی گیان کەسەکان و شتەکان دەناسینەوە، ئەمەشە کە ئولفەتی ڕاستەقینە وەدی دێنێت.

گەر تەماشای کێپلەی ژمارە یەك بکەین دەبینین باسی ناسینی دوور دەکات، کە ئەمەش هیچ بەرکەوتنێکی فیزیکیی لەخۆ ناگرێت، ئاماژەی ڕوونی ئەم مەبەستەش لەوەدا دێت دەستنوێژی تیادا ناشکێت بەم بەرکەوتنە گیانییە، بەکو گرنگی حەرف و وشە لەم بارەدا ڕۆڵی دەبینێت بۆ ناساندن و لێکتێگەشتن و سەرەتا هەنگاوی عەشقی ڕاستەقینەی گیانیی کە لەسەر بنەمای لێکحاڵی بوون دادەمەزرێت و

سرووتەکانی ئارامی و بەرزبوونەوەی تێدا بەرپا دەبێت، هەر لەم سەنگەوەیە گرنگی وشەو پیت زەق دەکرێتەوە، کە خاڵی جەوهەریی زانین و گوتەزاو مەعریفەیە، کە لەمبارەشدا ئەم جۆرە لە بەرکەوتن دەستنوێژی تێدا ناشکێت، هەروا ئەمە ڕۆشنییەکە بۆ هەموو ئەو عاشقانەی دەیانەوێت لەسەر بنەمایەکی پتەو کۆشکی خۆشەویستی ڕاستەقینە بنیات بنێن و هەرگیزیش تێیدا خەمگین نەبن.
وشەی (پیاو) کە لە کۆتاییدا هەر کۆپلەیەکدا هاتووە، بە گشتیکردنێکی تایبەتیی تێدایە بۆ هەموو ئەو خوێنەرانەی ئەوە دەفامن کە چ جۆرە پیاوێکە ئاوها وتوێژی لەگەڵدا دەکرێت، ئایا هەموو پیاوێك لە زمانی گیان دەگات و لە دووڕەوە دەتوانێت ڕاستییەکان ببینێت و لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا بئاخفێت و تێبگات؟
یەکێکی تر لە بەها جوانە نابەرجەستەکانی دنیای مرۆڤ بێنکردنە، بەڵام چ عەترو ڕیحانەو نەرگزو تیرەزەك دەگاتە ئەو بۆنی عەترەی ڕوح، کە لە فیراقدا بۆن و بەرامەی لە دوای خۆی جێدەهێنێت و وەکو یەعقوب بە بۆنی کراسەکەیدا سەراخی یووسف دەکات و بینایی بۆ دەگەڕێتەوە، جا کۆپلەی دووش بە چەشنی کۆپلەی یەك: هەر لە دووڕەوەیە، موگناتیسی گیانەکان یەکتر کەمەندکێش دەکەن کاتێك هەڵگری هەمان سیفاتی جوانی هاوبەش و لێکحاڵی بوونن، لە یەکەمیاندا (لەدووڕەوە.....ناسین...حەرفی دەستنوێژ) هاتبوو، ئەوا لە دووەمدا (هەر لە دووڕەوە.....شوشەی بۆن.....نەزیفی ڕوح) دێت، چەند جوانە ئەم لەمسە باڵایەی گیان کە وجودی ئادەمیزادو تاوی بنەچەی بوونی لەخۆگرتووە لە دوو کۆپلەی سەرەتادا کە دەرگای زانینی ڕازاوە بە یاقوت و گەوهەری شیعرەکەمان لەسەر واڵا دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە زۆربەی گیانەکانی تر لە تەپوتۆزو دوکەڵدا چاویان ئێپێقی گرتووە و گوێکانیان پڕ شەمع و گەرووشیان گیراو بە قرخەی کێکەڕەش و دەردەکۆپان، ئەمە چ زەمەنێکە وا مرۆڤەکان بەیەك نامێ بوون، لاشەکان بۆ سەرو بۆ گیان کە بەیەکدەگەن سێاوێکی وشك لەیەك دەکەن، دەڵێی بەرهەمە بێتامەکانی خانووە پلاستیکییەکانە کە جییناتەکانیان دەسکاریی کراوەو وەکو زۆربەی مرۆڤەکان هەڵخەڵەتێنن و لە دەرەوە جوان و لە ناوەوە بێتام، ئەمە تەوەرەی سەرەکی ئەم شیعرەی هەڵەبجەییە کە داهێنەرانەو بوێرانە بەدوای حەقیقەتی ڕەسەنایەتی بوونەوەتدا دەگەڕێت کە لە پرس و سیمبۆ و وێنە شیعرییەکاندا هونەرمەندانە داڕژراون، بوونێك هەرگیز ناتوانرێت تیایدا چەپڵە بەدەستێك لێبدرێت.
بەڵام لە کۆپلەی سێدا کە بەر فیزیکی لەش و بەشکی ئەندامی مرۆڤ دەکەوین کە بۆ نموونە (تاڵکی پرچ)ی بۆ بەکارهێناوە، ئەوا دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە ئەگەر ئەم عەشقە بۆگیانە لەسەر هیچ

بنەمایەکی ئەنتەلۆژی و نۆلیج دانەمەزرا بێت و پەلی نەهاویشتبێ بۆ ئەودیوی فیزیك، ئەوا دەبێتە درۆو هیچ لێک نزیکبوونەوەیەکی گیانیی پەرە بەو تەواوکارییە نادات لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا بێ بەردەوامییەکی ئەرێنی و سەرکەوتوو، رەنگە لەبەر ئەم هۆکارەێ بێت ئارتۆر رامبۆی شاعیری فرەنسایی بە پڕ ڤۆلیرین ی هاوڕێی شاعیری دەڵێت: ئایا هیچ کۆلکەیەکی هاوبەش هەیە تۆو هاوژینەکەت بەیەکەوە ببەستێتەوە؟

لە کۆتاییدا ئەگەر فیراقی گەردوونیی دوماهی بە هەموو پەیوەندییەکان بهێنێت، ئەوا حوزنێکی تر بێ رازەکانی شاعیر زیاتر دەبێت کاتێك ئەو پیاوەی لە کۆتایی هەر کۆپلەیەکدا هاتووە وەکو خەونێکی سەحەر زوو دەهەوڵتەوەو بزر دەبێت، کەواتە ئەگەر لەناو وەرزەکاندا تەنیا پاییز ئەو وەرزە بێت کە حەشری هەوەرینی گەلاکانی تیادەکرێت، کەچی نەسلی ئەو پیاوە زۆر جۆرێکی جیاوازترە لە هەموو دوورکەوتنەوەو غەریبییەکان، فیراقێك بە باڵا دوردرابێت.. یان دڵزینەوەیەکی هەتاهەتایی و ئاوێتەبوونێکی تەواوی ئەو دوو گیانە بێت..

چ شاعیرێکی ترتان بینیوە ئەم تەوەرە گرنگە بەزمانی شیعر ئابەم جۆرە مامەڵە لەگەڵدا بکات و ئاوها تێکەڵی بکات لە مانا بەرزەکان و پیتە فەرامۆشکراوەکان و وێنە دەگمەنە تازەکان، ئیتر چ پێویست دەکات خۆمان لەو زۆرانەوە بگلێنین کە هەریەك لە پیاو و ئافرەت شیرو تیر لەیەکتر بسوون و سەرکێنەی بەردەوامی یەکتر بکەن و تا کار دەگاتە شەڕەچەلەحانێ و سازکردنی سەرزەمینێکی دڵزەخیی هەر لەم دنیا رووناك و ئاڵ و واڵایەدا بێ یەکتری!

ڕۆمانی قاوغ... نووسینی: مصطفی خلیفة

قاوغ
ڕۆمان
مصطفی خلیفة

نەجات عەزیز

لەبڵاوبیەوە کردوویەتی بە کوردی

 بڵاوگ: دەنگەکان
 چاپ: یەکەم- ٢٠١٩
 چاپخانە: کەنەدا
 تیراژ:
 نرخ:
 بڵاوکار: ناوەندی دەنگەکان- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بۆخوێندنەوەی ئەم پەرەیە کلیک لێرە بکەن ....

ئەمەریکا دۆست و دژمنی نیە . بەرژەوەندی هەیە … شوان محەمەد

وەك دەلین سیاسەت لە یاری دەچێت . واتە لە نێوان دو تیپی رکابەر روئەدات . ئەمەریکا هەر سەردەمە و لایەنێك ولاَ تێك بە موناڤیس و تەحەداکەری خۆی و جیهان دەزانیت و لەبەرامبەری رادەوەستیَت . بەرژەوەندی و بەردەوامی و بەرزبونەوەی ئابوریەکەی و هەیمەنەی خۆی پیوە دەبەستێت . بە هەزی خۆی و سەرکایەتی جیهان پێشانی هەمو جیهان ئەدات ..
بەهیز و براوە ئەبیت تەرەفیکی هەبیت بۆ دژان و ئیعترافکردن بە و هەیمەنەیە . بەئەگەریکی زۆر بچوك . ئەگەر مانەوەی ئیران لەبەرژەوەندی دژلارو کابینەکەی ترەمپ بیت . ئەم کابینەیە دەمینیتەوە . بەلام لە کابینەی داهاتو کە یاسای ئەمەریکا ریگەی سیهەم جار نادات . کەوتنی ئیران ئەگەری زۆر ی هەیە . مەگەر جەنگی جیهانی . یان کارەساتی گەورەی سرشتی . یان هەر روداویکی لەرادە بەدەر و ئەمەریکا بەرەو شکست بەرێت .
ئەگەر ترەمپ ئیران نەروخێنێت ..

ئەم ئەزمونەمان لە بوشی باوك بینی . خەلکی ئەمەریکا و بانکە

جیهانیەکان و ولاتانی خۆرهەلات لێی قبول ناکەن . بوشی باوك بەلینی روخانی عیراقی بە خەلکی ئەمەریکا دا و کورەکەی وەك تەواو کەری کابینەکەی پێشانی جیهاندا و خەلکیش پشتگیریان کرد . ئەویش عیراق و بەعسی لە بن دەرهینا و بەو وازیە 8 سالی بەری کرد ..
ئەم یاریە سیاسیە گەورانە هەموی بە هیزی دۆلار ئەنجام ئەدرێت . ئەمەریکا لەپال هەمو یاریەکدا حسابی ئەوە دەکات بە ملیار دۆلاریشی دەسکەویت و لە یاریەکەش سەرکەوتو بیت ..

بۆنمونە ئیستای ئیران . ئەمەریکا دەتوانیت لەماوەی چەند سەعاتیك ئیران بەرەو روخان بەریت . وەك لە چەند سەعاتیکدا عیراقی توشی شەلەل کرد . بەلام بۆچی ئەمە ناکات ..
لە نوسینی هەفتەی پیشوی ریگا باسی ئەوەم کردوە . ئەگەر ئەمەریکا بەپەلە داخلی شەری ئیران بیت . دۆلار دائەبەزیت و ئابوریە شەخسیەکەی تەرەمپیش ئیفلاس دەکات .

نەك پەلەی نیە . بەلکو ئیران دەکاتە وەرەقەیەکی فشار بۆسەر خلیج و زۆربەی ئەو ولاتانی دژی ئیرانە و ئەمەریکا سەرانەی لی ئەسەنیت . بۆ ئەوەی کاتی لیدانی ئیران نەك دۆلار دابەزێت . بەلکو ئابوریی ئەمەریکاش بەرز دەکاتەوە ..
ئەم بابەتە هیشتا زۆری ماوە .. مەگەر ولاتیکی وەك روسیا یان چین راستەوخۆ لەگەل ئیران لە ئەمەریکا بدات . ئەوکات یەکیکیان پیشدەخات و ئەویتر هەر بۆ مسۆگەر کردنی کابینەی دووەم دەهیلیتەوە . وەك کەوتنی ئەفغانستان و . دواتر عیراق ..

ئیمامی علی لەسەر زەوی بیت . ئەمەریکا ئیران دەخات .. مۆژوی جەنگە جیهانیەکان و شەرەکانی ناوچەکە سەلماندویانە . هەمیشە ئیران تەرەفی ئەساسی شەرەکان بوە و بە کەوتنی ئیران کۆتایی هاتوە .. جەنگی یەکەم . دووەم . سەفەوی . عوسمانی … تا دەگاتە شەری ئیسلام .. هەر ئیران دواجار کەوتوە ..
ئەم گەمە سیاسیە . مۆژوی سیاسی حوکمرانی و ئابوری ئەمەریکای پێکهێناوە و هەر بەردەوامیش دەبێت .

گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان 785 ملیار دۆلار تێدەپەڕێنێت ... شوانێ حەسەن ابوبکر

گەندەڵی سیاسی بریتی لە دەستکاریکردنی دەنمای و یاسا و دامەزراوە دەستوریەکان لە لایەن ئەو بەیار بەدەستە سیاسیانەی کە بە خراپی سود لە پۆگەی خۆیان وەرئەگرن ، بۆ پاراستن و هێشتنەوەی دەسەڵات و سەروەت وسامانیان .
کارەکی زۆر سروشتیە کە بیر لە هەڵبژاردن بکرێتەوە کاتێک باس لە گەندەڵی سیاسی ئەکەین . بەهۆبەستی ئاڵ و گۆ کردنی دەسەڵاتداران لە پۆگەو پێستەکانیان ، وەک هەڵکارێک بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی سیاسی .

بەهۆام لە و ووڵاتانەی کە خاوەن دامەزراوەو دەزگای یاسایی و دیموکراتی نین دەرکەوتووە کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆ ناکاتە سەر کەمکردنەوەی ئاستی گەندەڵی تێیدا دەتوانین هەرێمی کوردستانیش وەکوو نمونەیەکی دیار و بەرچاو ببینین .

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستانیش بەهۆی دەسەڵاتی حیزب گەری یەکیەتی و پارتیەوە گەندەڵی بەشێوازێکی فراوان بونی هەیەو چەندان شێوازی تریش هەن کە لەهەوە دان بە بنبەکردنیان بەهۆام کارەکی ئەستەمە چونکە تەواوی دام و دەزگاکان کەنترۆڵ کراون لەژێر دەسەڵاتی خێاندان لەهەردوو زانی سێوز و زەرد . ئەمساڵیش لە هەڵبژاردنی ووڵاتە گەندەڵەکان لەسەر ئاستی جیهان عێراق و هەرێمی کوردستان لە پلەی حەوتەمدایە لە دوای هەر یەک لە ووڵاتەکانی سۆماڵ ، باشوری سودان، سوریا ، ئەفغانستان ، یەمەن ، کەریای باکور.لەم چەند هەژێی هابردودا ناوەندی عێراقی بە لەکەینەوەو شیکاریە سیاسیەکان، ئاشکرایکردوە کە قەبارەی گەندەڵی لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا گەیشتەتە زیاتر لە 785 ملیار دۆلار دەشەت، هەوەکانی روبەڕوبونەوەی گەندەڵی لە لایەن حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی-ەوە توشی بنبەست بوە بەهۆی ئەو ئاستەنگی و ڕێگریانەی حیزبە سیاسیەکان و میلیشیاکانیان دروستیان کردوە.

بە پێی راپۆرتکی ناوەندی عێراقی بۆ لێکۆڵینەوەو شیکاریە سیاسیەکان (ICPAR)، "هەمان ئەو حیزب و هاوپەیمانیە سیاسیانەی کە لە 2003 ەوە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقیان دروست کردوەو متمانەشیان بە عادل عەبدولمەهدی و کابینەکەی بەخشیوە لە ئێستادا کەوتونەتە هەڕەشەی بەدیهێنانی بەرژەوەندیە تایبەتی و حیزبیەکانی خۆیان و بۆ ئەو مەبەستەش فشارەکانیان چڕکردوەتەوە لەسەر کابینەکەی عەبدولمەهدی".

راپۆرتەکەی (ICPAR)، کە لە لایەن محەمەد حسێن یەکێك لە توێژەرانی ناوەندەکەوە ئامادەکراوە، لە زاری کۆمەڵێك سەرچاوەو بەڵگەنامەی فەرمیەوە ئەوەی رونکردۆتەوە کە هەر هەمان ئەم حیزب و لایەنە سیاسیانە لە نێوان ساڵانی 2003 و 2019 دا بە بەهای زیاتر لە 801 ملیار دۆلار گەندەڵیان ئەنجامداوەو زیانیان بە سامانی گشتی عێراق و هەرێمی کوردستان گەیاندوە، ئەمەش لە ڕێگای کۆمەڵێك فێڵ و میکانیزمی دارایی و ئیداریی جایاجیاوە وەك پرۆژەی وەهمی، دزین و بەقاچاخبردنی نەوت، هەبونی زیاتر لە یەك ملیۆن و 100 هەزار فەرمانبەرو موچەخۆری بندیوار لەهەردو حکومەتی بەغداو هەولێر.

ناوەندی عێراقی بۆ لێکۆڵینەوەو شیکاریە سیاسیەکان دەزگایەکی سەربەخۆی توێژینەوەی سیاسی و ئابوریە و لە لایەن کۆمەڵێك توێژەری عێراقی و بیانی-ەوە ئەمساڵ دامەزرا.

گەندەڵی چەندین چالاکی جۆراو جۆر ئێگرتۆوە لەوانە(بڕتیل ، دزی کردن لە ماڵی گشتی) ،بە پێی بڕی ئەو پارەیەی کە دەزرێت یاخود بە پێی ئەو سێکتەرەی کە تێیدا ڕوودەدات گەندەڵی پۆلێن ئەکرێت بە :

گەندەڵی گەورە (Grand Corruption) ،

گەندەڵی بچووک (Corruption Petty)

گەندەڵی گەورە مانای چییە : گەندەڵی گەورە بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی باڵا(واتە لەئاستێکی بەرزی بڕپرسیارێتیدا) بۆ بەدەستخستنی دەسکەوت بۆ کەمینەیەك لە سەر حسابی زۆرینە ، ئەم جۆرە لە گەندەڵی بەشوەیەکی بەربڵاو زیان بە تاکەکان و بە کۆمەڵگەش ئەگەیەنێت .گەندەڵی بچوک : بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن فەرمانبەرانی حکومیەوە بەشوەیەکی ڕۆژانە لە کاتی بڕیەککەوتنیان لەگەڵ هاووڵاتی ئاسایی ، بۆ بەدەست هێنانی خزمەتگوزاریی گشتییەکان ی وەك تێندروستی و خوێندن و ئاو وکارەبا لەگەڵ بەدەستهێنانی پێداویستیێ

سەرکیەکانی ژیان .

ۆژنامەنووس: شوانە حەسەن ابوبکر

ئەو پـــــــرتەوبـــــیـت لـچیە؟ … عەباس ئیسماعیل حەمەد

کوردستان 4-2-2015

سەراسیی بانیم لەمگرە چیدی!
خەت مەگرمخەنە ئیدی!
بەرەو سەر عەرز!
خەت لەنەگـــــ!
ئەمن نەبام،
تە نەدەبووی!
کـــــبابی سەربارداری نی
وەرەو خوارە!

تە کەتایی سەرتایەکی
چەقت بەستووە.
تە تابلۆیەکی سەرخەریی!

من بیر نەکەمەوە، ئەتو ئەو زمانیی لە کەندرە دینی؟
من کتێبەکان دەنووسمەوە!
تە بازدەدیتە نەودەـــکان.

من هەگبیی پەوارەکانم بەتوو دەسپەرم، نەک خەم.
تە وەنەیەکی ئەودیوی منی.
با تە بابیت یان لەگـــدا بیت،
هەشتا نەتتوانیوە ببی بەیەک
من هەر لەوەت دەتهەلمەوە.
دەزانم دەگەیت بەوە،
دەستت دەگا بەوە،

بەڵام نەک ئەو ئەوینەی من لەوەم!

ئەتوو دەبی بە بیر لە مندا
ناتوانی ببی بە زمان!
یا زەمەنەکانم دەستکاری بکەیتو ببی بە کردار.
ئەتوو:
بیرم،
زمانم،
کردارم دەهێنیتەوە،
دەبی بە دەق،
لەنێو دەڤەکانمدا سەرهەڵدەنی
هێشتا نابیت بە قسە.
چونکە من نەبم تۆ نابیت!

تۆ ئەودیوی منی، من دیوەکەی تر
تۆ پیرەزی منی، تۆ بیری،
تۆ لەمنی!
تۆ جیامەکەیتەوە لەوانی دی.
تۆ لە روخسارمدا دەبیندرێی،
بە ئادگارمدا دەردەکەوی:
من ئەو نیمو منم،
لە خەم نەبە،
لە تۆ نەبە،
لە چی دی ناچم.

بە هودەیە، لەگەڵ!
وازبهێنە!
هەوێیش بدەی
پەلکەشی ناو تۆ نابم،
من لە ناوەوەم، تۆ لەدەرەوەی.

من خەم چم!()
.
!().
تۆ هەر لە خەم دەچیتە،
وەنەکەی ئەو دیوی منیت!

سەرقاڵم بە تۆ

نەک هەندێ بەخەم.
من نەبم، تۆ نیت!
تەش نەبی
لە مانەمێنت،
لە پەیکەری سەر سەکۆیەک دەچم،
نە بە بارانێ زیندوودەبمەوە،
نە بەرەونێقی سەردانێ،
نە بەنزا،
نە بەگریانێ،
نە لەگەڵ هەناسەش دەمەوە!

تۆ هی من نیت
تۆ لەمنی!
تۆ هەردەم ڕەنگەکی
تۆ دەنگی.

تا من بیر نەکەمەوە
نەتکەم بە وشە،
نەتکەم بە ئاواز،
تۆ لەدەرەوەی سنورەکانی!
من لەڕەم،
تۆ لەوی.

تۆ بووی بەبار
لەمدا،
لەناخمدا،
لەبیرمدا.
نە بەبەی تۆ هەڵدەکەم
نەتەش بەی من ئەوی تری!

مردن تۆ داتهێناوە!
من تۆ.
تۆ ئەهرەمێنت داهێنا
من ئەهرەمزدا!
من خەون، گیان بەناو ئەقڕەیی ئەبەدیدا
گیان بەناو ناخی خەمدا
هێاتن لەدەست تۆ.

تۆ دەبیت بە وەهم،
بە گەرد.
تۆ بە وشەو دەنووسیت،
هەندە جار دەبی بە مانا
جاروبار لەم هەڵدەگیتەوە،
دەبیت بە رەهەندەکەی ئەودیو.
لەوتەی من هەم
لە ئەزەلەوە
منو تۆ کەشمەکەشممانە
لەسەر تۆ، لەسەر من!
من چم؟ یا تۆ چی؟

لە یەکەم تەقینەوە
من سەرتاو کۆتا
یا تۆ کۆتاو سەرتایت؟
من وزەبووم؟ تۆ بوویت بە مادە؟
یا من ماددە بووم؟ تۆ خۆت کرد بە وزە؟

لەم عەیانە:
من وزەم،
من ماددەم،
من سەرتام
کۆتا بەدەست خەمە
نەک بە دەست تۆ.
من چم،(*) ئەتوو وەنی.
من ئەرەم،
من لەرەم
من ئەستاکەم
تۆ دووای ئەوی
من هەوکانەم،
تۆ هەشتا نی.

من نە بامو نە لەگەیشدام
من کەس زەفەرم پێ نابا
دەتگەن، خۆت لەدەگەن
من هەر وەک خەمم ئەمن
من لە ناوەوەم.
تۆ لەوەندەر نی.

تۆ لەوانی دی ناچی
تۆ، هەرجارە رەنگێکی
دەنگێکی
ئەوانیش وەک خەیانن
رەنگکن
دەنگکن
هیچتان لە هیچتان ناچن
ئەگەر ئەوان نەبن
ئەو چ(*) نین.

" هەستیدەروونم قسەی زمانم… "
زۆر لەیەک نزیکن دەزانم! (**)

(سوید 22-6-2019)

عەباس ئیسماعیل حەمەد

. . . . . .
. . . . . .

() () *Entity, Being* □□□□□□□□□ □□ □□□□□□ □□□□□□□□□□ □□□□□□□ □□□ □□□□□□□□ □□ □□□□□□□□□□

هەڵبژاردنەکەی دوەەم جار ببێنەوە چونکە ئەوان باش ئەزانن کە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە، پێوەرن بۆ هەڵبژاردنی سەرتاسەری تورکیا.
ئەردۆگان و حیزبەکەی هەمو توانا و وزەکان یان خستۆتە گەر بۆ بردنەوەی ئیستانبوڵ چونکە ئەو شارە زۆر بایەخداری لە ڕوی ئابوری و سیاسیەوە و ١٦ ساڵە بەدەست ئاکەپەوەیە. ئەردۆگان هەمیشە وتویەتی:"ئەوەی ئیستانبوڵ ببات تەوە، هەڵبژاردنی گشتیش دەبات تەوە".
هەوڵەکان لە هەمو بوارێکدا بون و لە ناوەوە و لە دەرەوەی تورکیادا ئەو هەوڵانە چڕکراونەتەوە. سەردانەکەی سەرکی نوێی حوکمەتی هەرێمیش، نێچیرڤان بارزانی، خزمەتێکی زۆر بە ئاکەپە دەگەیەنێت بۆ ئەم هەڵبژاردنەی دوەەم کە لە ٢٣/٦/ ٢٠١٩ دەکرێتەوە.
نمونەی ئەو هەوڵانە ڕێگەدانی پارێزەرکانی بە سەردانی سەرکی پێشوی پەکەکە، عەبدوڵا ئوچ ئالان، هەرشکردنە سەر باشوری کوردستان بە بیانوی لە ناوبردنی پەکەکە، وتارە ئاگرینەکانی ئەردۆگان خۆیەتی و یاریکردنیەتی بە سۆزی تورکە ناسیونالیستە ڕاستەوەکان.

سەردانی حوکمەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، بۆ تورکیا و پێشوازیکردنی لایەن سەرکی ئاکەپەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، هەر بەشکن لەو هەوڵانەی ئەردۆگان و ئەم سەردانە سەرکەوتنکی سیاسی بۆرچاو بۆ ئەردۆگان، حیزبەکەی و بۆ تورکیا تەماردکات لەبەر ئەم هەیانەی خوارەوە:
١- ئەردۆگان لە هەڵبژردنەوەی ٢٣/٦/ ٢٠١٩ دا پێویستی بە دەنگی کوردکان هەیە و ئەم سەردانەی نێچیرڤان بارزانی بکاردەهێنێت بۆ ڕاکێشانی سۆزی کوردکان بۆئەوەی دەنگ بدەن بۆ حیزبەکەی ئەردۆگان.
٢- بۆ کەمکردنەوەی نەودەوڵەتی ئەتاتورک من پێویستدیم لەگەڵ ئەو کوردانە باشە کە "بۆ تیرۆریست" حسابیان ناکەم. دیارە لەمەدا مەبەستی ئەوەیە بڵێت کە پەکەکە تیرۆریستە. سەیر لەوەدایە کە دۆزگای موخابەراتی حوکمەتەکەی ئەردۆگان، میت، وەک بەرپرسە باڵاکانی حوکمەتەکەی ئەردۆگان چەندین جار لەگەڵ سەرانی پەکەکەدا کۆبونەتەوە و مفاوزاتیان لەگەڵ کردون . بەڵام هەمو جارێکیش درێیان کردوە و ڕێزیان لە گفت و بڕێنەکانیان نەگرتوە و بە مەبەستی ئاشتی مفاوزاتیان نەکردوە.

٣- نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە حیزبی سەرکەوتوە لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا و سەرکی نوێی حوکمەتی هەرێمە، لەڕوە ئەردۆگان وەبیری سەرکی پارتی ئەهێنێتەوە کە نێچیرڤان بارزانی لایەن ئەوە پشتگیری تەواوی لەدەکرێت و

هەر ئەویشی لا پەسەندتر بوو لە سەرکی پەشوی حوکمەتی هەرێم. لەرەو ئەیەوێت ئەو مونافەسەیی نێوان نێچیرڤان و مەسرور بارزانی زیاتر بکات و جیوازیەکانی نێوانیان گەورەتر بکات، ئەو لەرشدا سیاسەتی "پارت کە و زاڵ بە" بە بنەماڵەی بارزانیش بکاردەهێنێت.

٤- مانایەکی تری ئەم سەردانە ئەوەیە کە سەرکی حوکمەتی هەرێمی کوردستان لە جیاتی وەرگرتنی هەواڵ و بڕیار هەرشە داگیرکاریەی ئەستای سوپای تورکیا بە باشوری کوردستان و بەرگریکردن لە کوردستان، سەردانی داگیرکەرئەکات. ئەردەگان وەکو سەرکردەیەکی بەهێز خەی دەرئەخات کە لایەکەوە سەرکی هەرێمی کوردستان بە کەسێکی لاواز، بەدەسەڵات و بە هەواڵ و ئامادەکات بە خزمکی تورکیا و بە خزمکی کوردستان لایەکی تریشەوە بە هیوایەکی زەر لە دڵی هەمو کورد دروست ئەکات و ئەو هەستی خەباتکەمزانینەی کە دوژمنانی کورد لە ناو تاکی کورد دروستیان کردوە، بەهێزترئەکات تیایاندا لە ڕێی بەهێزواستی و بەدەنگی سەرکی حوکمەتی هەرێمەوە کە خزمکی کوردستان هیوایان پێی بوو. لەرەو ئەو پیامە خزمکی هەمو کوردستان بە گشتی و خزمکی باشوری کوردستان بە تایبەتی ئەنەرێت کە نێچیرڤان بە هەمان شیوەی بەرپرسیارێتی کە سەرکوزیران بوو، سەرکایەتی هەرێمیش بڕیوە دەبات. ئەو شەویش ڕازیکردنی تورکیایە و بەردەوامبونە لە بەخشینی سامانی نیشتمانی کوردستان بە تورکیا.

٧- لە لایەکی تریشەوە، سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی لەم کاتەدا وەک شێی دەرونی بکاردەهێنێت دژ بە گەیلاکانی پەکەکە کە هەوڵەکە بە ڕوخاندنی وڕەی گەیلاکان.
٨- هەبەتە ئەم سەردانە خاڵی نیە لە بەسەرکردنەوەی سەفەرکانی نێوانیان و پلان دانان بە گوێرەی ئەم بارودۆخە نوێیە.
٩- لەم سەردانەشدا، ئەردەگان و حوکمەتەکەی هەمو ئەو شتانە لە نێچیرڤان بارزانی داوائەکەن کە ئەوان چاوەڕوانن بڵیان بکرێت و لە بڕگە کەمتریشی لە قبوڵناکەن.
شایانی وتنە کە ئەردەگان، سەرکی پەشوی هەرێمی کوردستانیشی بکارهێناوە بە ئاکشانی سزی کوردەکان و بە بەدەستهێنانی دەنگی کوردەکان لە هەڵبژاردنەکانی پەشوی تورکیادا.

بڕیام ئەردەگان خەیشی دەنیا نیە کە ئەمجارە بتوانێت ئەستەنبول بباتەوە چونکە لە ڕاڕانی پێش هەڵبژاردنی یەکەم هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ٣١/٣/ ٢٠١٩ دا، ئەردەگان لە ماوەی ٥٠ ڕۆژدا لە سەرتاسەر تورکیادا بەشداری ١٠٢ کەبونەوەی جەماوەری کرد. بڵام لە

دوای ئەو هەڵبژاردنەوە تا ئەم چەند هەفتەی پێشو ئاردەگان بەدەنگەی لەکردبو وە بە پێی هەواڵی هەڤنامەکانی ناو تورکیا، ئەدەگان پلانی سەردانی تەنها چوار ناوچەی ئیستانبوڵی هەیە لە هەفتەی یەکشەمەی داهاتودا هەفتەی هەڵبژاردنی دوهەمە، چونکە ترسی دەڵادنی هەیە و نایەوێت ئەو هاوی ئەو دەڵاندنبێت بە ئەوەی بە لاواز و شکستخواردو دەرنەکەوێت و بە هەڵبژاردنە سەرتاسەریە گشتیەکەی داهاتوی تورکیا، ناو و وێنەی ئەو نەڵکەنرێت دەڵاندنی هەڵبژاردنەکە وبەشکستەکەی ئەمجارەی ئیستانبوڵەوە، کە بەپێی شیکردنەوە و قسەی چاودێرە سیاسیەکان بە دور نازانرێت.

بەستن- ٢٠/٦/ ٢٠١٩

خەونی ژن … سەردار جاف

هەڤێ چین ،
هەی پەگرتین ، دەروازەکانی کەمدا
خەری لە کونجەدا توند کرد
پەنجەی سەرکیەُش بوونی تەزاند
کەکەو کەوەی دەم
خەونەکانمانی گلەری مەژوو کرد و
تاریکستانی تەمەنی لە هەناومانا دابارااند
لە کەناڵی کەلەوە دەم
دەم و قەپەزی هیتلەرم داکوتاوە
چەنەم لە دەریای بەسیمی روحم دەەوا و
لە دوورگەی باڵامەری دا
وا ئەخزنی هەور بوونی روح جەدەن
ئەوە هەڤێ نیشتیمانی ئەوینان بوو
ماین هەر خەی لەم هەڵدەسوو
تەن تەڵادەستی ئیشق بووم
بە سەر ژەمە ئاسنی ئاڵتونی و شینا هەڵدەفەم
تك تك ئاوی ماین دەتکە
لە گاردەماین
لەوەکانم لە پێ دەشتی دەستەکانتا فەری حەزی ڕاکشان بوو

فڕگنەڕ
بووە بڕنی یەکەم ژوان
کڕگەی بەراوی وێستڕکمان
شانڕلی چاوەکانی من
بە سەر گەڕای پەنجەکانتا
چڕژی ئەوینی کردووە
گڕستافی نوڕم
ڕڕژی ئاوا گوڕ و بڕنڕ
لە نڕو باڕەخانەی نڕرەی دا دەچڕنم
تەمەنی دی
دەکەمە ئاکیرشڕسڕك و
ئەم نیگایە ،
ئەم ژووان و بەڕای ئەوڕ و جوانی ئڕرە
هەموو گوناهی ڕابردووی وەراندووە
لە ترڕپکی بیری ئەوا
مرڕف ڕڕگای ڕەوتی ئەم ژینەی بڕیوە
لە نڕو فیگڕاند
بە رووتبوونەوەی ئادەمی
سەراسیمای زڕانبازین
لە پەڕاوە شڕەکەی بەر باخەڕمدا
هەرەمی ژینی مرڕقان
هەنگاو هەنگاو ترپەی ڕڕی دڕ و
لە ناخی من ژن و دڕم
بڕ بەردەوامی تەمەن
سەوداسەری جریتبازین
یادی ڕڕژی نیشتیمانی ئاشقبوونمان
هەموو شەوانڕکی پایتەخت
بە ستوونی کارل یڕ هانسی لای تڕوە
فڕینی لڕو
ماچی جوان و بیرەوەری
دەبنە ئاڕای ڕەنگاو ڕەنگ و
هەڕدەواسڕن
من هاکڕنی سەردەمڕکم
قەڕای ئەوین بەسەرشانی ڕڕلەر کڕستەر دەنڕرم و
دڕنە هەبوون
ئەو نوڕژانەی دامان بەستن
هەرگیز نامڕن

سەردار جاف
ئەمانیا

2019 / 6 / 23

تاقیکردنەوەیەکی چڕبەخش.. نوسینی /عماد یونس

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە/ فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

ئیلیانا بەیانیباشی لەباپیرەی کردو پێیوت: باپیرە،حەزدەکەم موگناتیسێك دروستبکەم .هاوکاریم دەکەیت؟؟؟
باپیرەی وتی:بەگومان ! ئەمە کارێکی زۆر گران نییە ،چونکە پێویستی بەهەندێ کەلوپەل هەیە کە لە هەموو ماڵێکدا دەستدەکەون، بزماری درێژ، پارچەیەك وایەری مس و پیلێك. باپیرەبەدەم گفتوگۆوە کەلوپەلەکانی ئامادەکرد.باپیرەو ئیلیانا دەستیانکرد بەتاقیکردنەوەکە.

سەرەتا بەشی ناوەڕاستی وایەرەکەیان نزیك لەیەکەوە ئاڵاند لە بزمارەکەوە ،پاشان هەردو سەرە بەرەڵاکەی وایەرەکەیان هێنا،سەرێکیان لەجەمسەری نێگەتیف وسەرەکەی تریان لەجەمسەری پۆزەتیڤی پیلەکە توندکرد. بینیان کاتێك تەزوی کارەبای پیلەکەبە ناو وایەرەکەداتێدەپەڕێت، بزمارەکە دەبێت بە موگناتیس و هەرپارچە ئاسنێکی لێنزیك بکرایەتەوە ڕایدەکێشا و دەیگرت. کاتێکیش یەکێك لەسەری وایەرەکەیان لەجەمسەری پیلەکە دەکردەوە ،هەموو ئەو پارچە ئاسنانەی کە بە بزمارەکەوە نوسابوون دەکەوتنە خوارەوە. باپیرە کەبینی ئیلیانا بەوتاقیکردنەوەیە زۆر دڵخۆشە،موگناتیسێکی بە دیاری دا بە ئیلیانا.

ئێژی دواتر ئیلیانا هاوڕێکانی کۆکردەوەو پێیوتن: سەیرکەن ئێستا چ جادوویەك دەکەم!ئیلیانا کەمەڵك دەرزی وبزماری لەسەر مێزەك داناو بەشێوەیەکی نهێنی پارچە موگناتیسەکەی لەژێر مێزەکەوە دەجوڵاند. کاتێك هاوڕێکانی دەیانبینی دەرزی و بزمارەکان دەجوڵێنەوە سەرسام

دەبون و دەیانوت: سەیرە ئەمە چۆن ووتەدات؟! ئیلیانا بەسەرهاتەکەی بۆگێڕانەوەو پێیوتن: کەباپیرەی چۆن هاوکاریکردووە لەو تاقیکردنەوە چیزبەخشەدا.

ئەم چیرۆکە لەژمارە(260) ی گۆڤاری {پەپولە} بڵاوکراوەتەوە.